لە دادگەکانی کوردستان چی دەگوزەرێ؟!

دادگە رۆڵی کاریگەری لە چەسپاندنی یاساکانی هەر وڵاتێکدا هەیە، هەر دادگەیشە کە مافە زەوتکراوەکانی خەڵک وەردەگێتەوەو سزای تۆمەتبارو تاوانباران دەدات. هەر وڵاتێک ئەگەر دادگەو دادوەری تێدا نەبێ، یان دەستەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نەبێ، دووچاری تەنگژەو پەشێوی دەبێتەوە، خەڵک متمانەی بە حکومەت نامێنێ و هەوڵی رووخاندنی دەدات. هەر دادگەیشە کە دەکارێ کۆمەڵگە بەرەو یەکسانی و وەکهەڤی رێبەرایەتی بکات.

راستیەکەی زۆر جاران لێرەو لەوێ دەستەڵاتی دادوەری کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ. تەنانەت هەریەکە لە دادوەران حاکم شێخ لەتیف و حاکم خدر دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان بۆ دەستتێوەردانی حزبەکان دەگێڕنەوەو رایدەگەیەنن کە دادگە سەربەخۆ نیە!! لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک کەس، ئەوانەی کە کێشەکانیان لە دادگەدا بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە یان دۆڕاندوویانە، دادوەرەکان بە کەمتەرخەم دادەنێن و پێیانوایە ناچار دەکرێن کە بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو بڕیار بدەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بەپێویستمان زانی کە رای چەند کەسێک وەربگرین کە بەهۆی کێشەکانیانەوە رووبەرووی لێپرسینەوە بوونەتەوە. سەرەتا لەبەردەم دادگەی بەرایی هەولێر، ژنێکمان دواند کە تازە لەلای دادوەر دەهاتە دەرێ، فرمێسک لە چاوەکانی ریزیان بەستبوو، دوو منداڵیشی لەگەڵ دابوو، منداڵەکان پۆشاکی دراویان لەبەردابوو، ژنەکە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە: 'ماوەی ٨ ساڵە شووم بە پیاوێک کردووە، دوو منداڵمان هەیە، سەرەتا زۆر باش بوو، بەڵام ماوەی سێ ساڵ دەبی کە ئاگای لە ژن و منداڵ نەماوە، تەنیا بۆ خەوتن دێتەوە ماڵێ، مەسرەفیشمان ناکێشێ، ئەگەر داوای پارەشی لێبکەین بە رەقی وەڵاممان دەداتەوەو لێشمان دەدات. من نەمدەویست دەست لە براکانم پان بکەمەوەو داوای پارەیان لێ بکەم، بۆیە لەلای ماڵە ناسیاوێک دەستم بەکارکردن کرد، کەچی سەرەمانگان پیاوەکەم دەهات و پارەکەی لێدەسەندم و ئێمەش بێ مەسرەف دەماینەوە، بۆ رزگاربوون لەو پیاوە هانام بۆ دادگە هێناوە، چەندین جار سکاڵام لە دژی تۆمارکردوە، بەڵام ئەو پارێزەری گرتووەو دەستم لێ بەرنادات، تاکە داوای من ئەوەیە کە یان بەخێومان بکات یان تەڵاقم بدات و وازمان لێبهێنێ، کەچی هەمیشە لایەنگیری لەو دەکرێ و دوا دەخرێ'

ژنەکە زۆر لە خۆی بێزار بوو، دەیگوت: 'سوێندم خواردبوو کە ئەگەر ئەمجارە دادوەر لایەنگیری لە پیاوەکەم بکات، من خۆم بکوژم، بەڵام نازانم چی لەو دوو منداڵە بکەم، دەزانم لە دوای مردنی من بێ کەس دەمێننەوە، بۆیە وەک شێتم لێهاتووەو نازانم چارەنووسمان چی دەبێ؟'

لە بنکەی پۆلیسی گەڕەکی (ئا..) ژن و پیاوێک بەیەکەوە دانیشتبوون و گلەییان لە یەکتر دەکرد، پۆلیسێک پێی گوتم کە ئەوانە خوشک و بران، بەردەوام شکایەت لەیەکتر دەکەن، منیش سڵاوم لێکردن و داوام لێکردن سەبارەت بە کێشەکەیان قسەم بۆ بکەن. ژنەکە زیتەڵەو چاوکراوە بوو، بەر لەوەی براکەی وەڵام بداتەوە، دەستی پێکرد: 'کاکی خۆم کێشەی ئێمە لەسەر خانوویێکی میراتە، دەک بە میراتمان بێ، کاتێ خۆی من بە پارەی خۆم ئەو خانووەم لە خوشک و براکانم کڕی بۆوە، بەڵام بەناوی خۆم نەکردبوو، ئێستا ئەم برایەم ئامادە نیە بە ناوم بکرێ، ئەویش دەزانێ کە من لەسەر هەقم، بەڵام ژن و منداڵەکانی سوێندیان لێخواردووە کە ئەگەر بەناوم بکات، لە ماڵەوە دەری دەکەن، ئەویش نازانێ چی بکات؟ ئەگەر بەناوم دەکات، دەردەکرێ، ئەگەر بەناوم ناکات، من رازی نابم، ئیدی هەر ناوە ناوە بەشەڕ دێین و دێینە ئێرە، تا ئێستا دوو جاران سکاڵام لەسەر داوای من گیراوە، دوایی هەر خۆم تەنازولم بۆ کردووە، هەر بۆخۆشمان ئاشت بووینەتەوە. من نازانم بۆچی دادوەر بڕیاری ئەوە نادات کە خانوەکە بەناوی من بکرێ؟'

لە ناو بینای دادگەی سلێمانی کەسێکم کردە نیشانە کە لەبەردەم دەرگەی دادوەر راوەستابوو، چاوەڕوان بوو بانگی بکەن، سەبارەت بە هاتنی بۆ دادگە پرسیارم لێکرد، ئەویش بەم شیوەیە وەلامی دامەوە: 'من و خزمێکمان بەشەڕ هاتووینم دوایی خەڵک هاتنە ناوبژیوانیمان و ئاشت بووینەوە، ماوەی سێ مانگ بەسەر تێپەڕێوە کەچی تازە سکاڵای لە دژدا تۆمارکردووم کە گوایە من هەڕەشەی کوشتنم لێکردوو؟ بەڵام باوەڕتان هەبێ من هەڕەشەم لێنەکردووە، سەیر لەوەدایە لەسەر سکاڵای ئەو خزمەم، دادوەر فرمانی گرتنی منی دابوو، من هەر ئاگاشم لێنەبوو، دوایی کە زانیم، بۆ خۆم چوومە بنکەی پۆلیس، ئەوانیش منیان هێنایە ئێرە ، لەبەردەم دادوەر سوێندم خوارد کە هەرگیز هەڕەشەم لێنەکردووە، ئەوەبوو بە کەفاڵەت ئازاد کرام، ئێستا هاتووم دەمەوی دادوەر مافم بسێنێ، ئاخر بۆچێ لە هیچ و خۆڕایی بڕیاری گرتنم دەربچێ، من شاهیدم هەیە کە دوو مانگ زیاتریشە کە ئەو خزمەم نەبینیوە، بەڵام دەڵێن ئەو شاهیدی هێناوەو سوێندیان خواردووە کە هەڕەشەی لێکراوە!!'

سەربارەت بەو کێشەیە پرسیارمان لە کاک خالیدی پارێزەر کرد، ئەویش گوتی: 'بەگوێرەی یاسا دادوەر مافی ئەوەی هەیە کە فەرمانی گرتنی کەسێک بدات کە هەڕەشەی کردووە، ئەمەش لەپێناو رێگەگرتن لە تاوان ئەنجام دەدرێ، بەڵام مەرج نیە ئەو کەسە بگیرێ، چونکە دادوەریش بۆخۆی دنیای بینیوەو لە شتەکان تێ دەگات، بۆیە کە تۆمەتبارەکە دەبینێ، دەتوانێ بڕیاری ئازادکردنی بدات، تا دادگەییکردن ئەو ئازادکردنە بە کەفالەت دەبێ، کەفالەتیش دوو جۆرە، ئەگەر لە ١٥٠ هەزار دینار زیاتر بوو، دەبێ لە کاتب عەدل بکرێ، ئەگەر کەمتریش بوو دەتوانرێ لە بنکەی پۆلیس ئەو کارە ئەنجام بدرێ.

ئەو پارێزەرەوە دەیگوت: 'دادوەر چی بکات کاتێک یەکێک دەچێتە بەردەم لێکۆڵەرو سوێند دەخوات کە کەسێکی دیکە هەڕەشەی مەرگی لێکردووە، ئەو ناچار دەبێ کە فەرمانی گرتنی بۆ دەربکات، خۆ دادوەر نازانێ سکاڵاکار مەبەستی شکاندن و بەگرتندانی بەرانبەرەکەی هەیە، بەڵام لە یاسادا ئەوەی بە درۆ سکاڵای لە کەسێک کربێ و لە دادگە لەسەری ساغ بێتەوە، ئەوە خۆی سزا دەدری، لە نێوان شەش مانگ تا دوو ساڵ گرتنی لەگەڵ دایە.

ژنێک لە بەردەم عەریزەنووسێک راوەستابوو، دیاربوو لە بەڕێوەبەرێتی کاروباری شەهیدان مووچەی مێردەکەیان بڕی بوو، ئەو دەیگوت: 'مێردەکەم بەرکەوتووی کیمیاوی هەڵەبجە بوو، ساڵی ١٩٨٩ مرد، ئەو کات نەمانتوانی بڵێین کە بەر کیمیاوی کەوتووە، بۆیە لە وەفات نامەکەیدا نووسراوە بە سووتان مردووە، کەچی ئێستا داوامان لێدکەن یان دەبێ بیسەڵمێنین کە بەرکەوتووی کیمیاوی بووەو بەوهۆیەوە کۆچی دوایی کردووە، یان مووچەکەمان بۆ ناگێڕنەوە، ئەوە لێرەش بۆمان ناکەن، دەڵێن بۆ کاتی خۆی نەتانگوتووە کە بەرکەوتووی کیمیاوی بووە؟ ئاخر ئەو کاتە کێ دەیتوانی بڵێ کیمیاوی لە هەڵەبجە دراوە؟ ئەو کات سەردەمی بەعس بوو، بەڵام ئەوانەی ئێستا وا دەزانن ئەو کاتیش وەکو ئێستا بووە.

لە بەدواداچووندا بۆمان دەرکەوت کە تەنیا ئەو ژنە ئەو کێشەیەی نیە، بەڵام دەیان کەسی دیکە کە لە سەردەمی بەعس شەهیدکراون و بە کوژراو ناونووس کراون، ئێستا داوایان لێدەکرێ کە لە دادگەدا بۆیان ئیسپات بکرێ کە شەهیدکراوە.

کێشەی دادگەکانی کوردستان هێندە زۆرن لە نووسین و گێڕانەوە نایەن، بەڵام ئەوەی خەڵکی ماندوو دەکات، ئەو رۆتینکاریەیە کە بەڕێوەدەچێ.

هەرچەندە کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان خۆی لە شەش ملیۆن مرۆڤ نادات، بەڵام رێژەی زۆری کێشەو گرفتەکانی کە دەگەنە دادگە، پێمان دەڵێن کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو شوێنانەی کە زۆرترین کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی تێدایە، بەوهۆیەشەوە دادگەکان پڕکار و سەرقاڵن، ژمارەی دادوەرەکانیش کەمن و لە ئاست ئەو زۆری کێشەکان دانیە، ئیدی کەمتەرخەمی بەدی دەکرێ، کێشەکان لەباریەک دەکشێنەوەو درێژە دەبنەوە، تەنانەت سکاڵاکاری واهەیە کە دەبینێ کێشەکە زۆر دەخایەنێ، لێی بێزار دەبێ و دەستی لێهەڵدەگرێ. من بۆ خۆم گوێم لە ژنێک بوو کە هاتبوو تەنازول بۆ کەسێک بکات، ژنەکە دەیگوت ئەو کەسە چەندین جار بە چەک هێرشی کردۆتە سەر ماڵمان و هەڕەشەی لە پیاوەکەم کردووە، بەڵام ئێستا کە گیراوەو ماوەیەکە دادگەیی نەکراوە، دەترسێم ئەگەر ئازاد بکرێ، کێشەمان بۆ دروست بکاتەوە، بۆیە خۆم هاتووم و تەنازولی بۆ دەکەم، تەنیا مەرجێکم ئەوەیە کە دوایی کێشەمان بۆ دروست نەکات، کاری بە ئێمەوە نەمێنێ.

لەلایەکی دیکەشەوە سەبارەت بەوەی کە ئایا دەستەڵاتی دادوەری لە کوردستان سەربەخۆیە، یان حزبەکان دەستی تێوەردەدەن؟ هەوڵمدا کە دادوەرەکان بدوێنم، بەداخەوە بەخت یارم نەبوو، هەوڵدەدەم لە داهاتوویێکی نزیکدا ریپۆرتاژێکی تایبەت بەو کێشەیە ئەنجام بدەم.

ئازاد شەماڵ

وێڕای وشکە ساڵی، جووتیاران باس لە بەرهەمەکانیان دەکەن

ئەمساڵ بەهۆی کەمی بارانەوە بە وشکە ساڵی ناسراوە، دەغڵ و دانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان وەبەر درویێنە نەکەوتن، کورد گوتەنی نەهات بوو، بەوهۆیەشەوە جووتیاران و گوندنشینان دووچاری زەرەرو زیان بوونەوە. مەڕدارانی کوردستان لە دەست وشکە ساڵی هەراسان و بێزارن، زۆربەیان جەخت دەکەنەوە کە ئەگەر حکومەت و رێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە هانایانەوە نەچن، مەڕومالاتی کوردستان لە کورتی دەدات، چونکە بەخێو ناکرێن، ناچار دەبن بیانفرۆشن، جووتیارانیش ئەوانەی کە تەنیا دەغڵ و دانیان چاندبوو، بەهەمان شێوە گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن و بێزارن، بەڵام ئەوانەی شینایی و بێستانیان هەیە، رەزامەندن و پێیانوایە کە بەرهەمی ئەمساڵ لە هی ساڵی پێشوو باشترە. چونکە زۆربەی بەرهەمەکان بەرەو شارەکانی عێراق رەوانە دەکرێن.

جووتیارەکانی دەشتی هەولێر کە دەغڵ و دانیان نەبووە، چاویان لەوەیە کە شینایییەکانیان تۆڵەیان بۆ بکاتەوە. بەرهەمەکانیان کە بریتین لە: ئارو، تەماتە، کولەکە، باینجان، بامێ، تەرۆزی، لۆبیا ، شوتی، کاڵەک و پیاز بۆ بازاڕەکان دەنێرن.

هەندێک لەو جووتیارانە بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**یان راگەیاند کە تەنیا تەماتە هەرزانە، دەنا ئەوانەی دیکە بازاڕیان هەیە، بۆ نموونە جووتیارەکان کیلۆی ئارو(خەیار) بە ٤٥٠ دینار دەفرۆشن، شووتی کیلۆی ٤٠٠ دینار دەکات، بامێ بە ١٠٠٠ دینار و باینجان بە ٤٠٠ دینار، بەڵام جووتی سەندوقی تەماتە تەنیا هەشت هەزار دینار دەکات.

کاک **عابد**، یەکێک لەوانەی کە پیکابێک تەماتەی بۆ گومرگی هەولێر هێنابوو، بێزاری خۆی لە تەماتە پێشاندا و گوتی: 'ئەگەر بۆ بەغدا نەڕوات، هیچ ناکات و دەبێ فڕێی بدەین، بەڵام باشە ئێستا لۆری دێن و بۆ بەغداو شارەکانی دیکە بار دەکەن، جووتی سەندوقی تەماتەی باش دەگاتە هەشت هەزار دینار، ئەمەش نرخێکی کەمە، بەڵام ئەوانەی کە بامێ و شووتیان کردبوو، قازانجی باشیان کرد، چونکە بە گران دەیفرشن.

مام رەحمان، یەکێک لە جووتیارەکان دەڵێ: 'ئەمساڵ لە چاوەڕوانی تێپەڕی کرد، وشکە ساڵی و نەهاتی بوو، وامان دانابوو کە شینایی نابێ، بەڵام لەسایەی خوا شفتی تۆڵەی بۆ کردینەوە. پارچەیەک شفتیم چاندبوو، زۆر باش بوو، هەم بەرهەمی زۆر بوو، هەمیش نرخەکەی باش بوو.

کاک مەناف دانیشتووی گوندی جمکە، سەبارەت بە شینایی دەڵێ: 'پارساڵ تەماتە باش بوو، بەڵام ئەمە دوو ساڵە شفتی لە هەموویان باشترە، چونکە نرخەکەی باشە، ئەم ساڵ نرخی پیکابێک شفتی لەنیوان سێ سەد هەزار تا پێنج سەد هەزار دینار بوو، بەڵام کیلۆی خەیار لە ٤٥٠ تێپەڕی نەکرد'

جێگەی ئاماژەیە کە دەشتی هەولێر دەشتێکی پان و بەرین و پڕداهاتە، بە دەشتێکی بە پیت و بەرەکەت ناسراوە، ساڵانە هەزاران خێران بژێوی خۆیان لەسەر شینایی دابین دەکەن، تەماتەو خەیارو شووتی باش دێنێ، بەڵام هەندێک لەو جووتیارانە کە تازە دەستیان بە چاندنی لۆبیا کردووە، پێیانوایە کە داهاتی باشی هەیە، کیلۆی لۆبیا نزیکەی هەزار دینار دەکات، لەم بارەیەوە **مام عەبدوڵڵا** دانیشتووی دەڤەری شەمامک گوتی: 'جاران ئێمە لۆبیامان نەدەچاند، زیاتر تەماتەو خەیارو باینجان و بامیەمان دەچاند، ئەمساڵ بۆ یەکەم جار لۆبیام چاند، من لێی رازیم چونکە بەرهەمی زۆرو نرخەکەشی باش بوو، جاری وا هەبووە کیلۆی لۆبیامان بە هەزار دینار فرۆشتووە.

مام عەبدوڵڵا دەڵێ: 'ئاقاری هەمو گوندەکان وەکو یەک نین، ئاقاری هەندێک گوند بۆ تەماتەو خیار باشە، ئاقاری هەندێک گوندی دیکە بۆ شفتی و لۆبیا یەکاویەکە، بەڵام دانیشتووانی گوندەکانی شەمامک چەند ساڵێکە دەستیان بە چاندنی شفتی کردووە، جاران دەگوترا هەر زەوییێک ئەگەر لم نەبێ، شفتی ناهێنێ، بەڵام وانیە، ئەوەتا لە گوندەکانی گعێتل و دوستەپە باشترین شفتی بەرهەم دێ، هەم تامی خۆشە، هەمیش بە قەوارە گەورەیە، شفتی هەیە خۆی لە ١٥ کیلۆ دەدات.

یەکێک لەوانەی کە تەماتە لە جووتیاران دەکڕێتەوەو بۆ بەغدا رەوانەی دەکات، گوتی: 'جووتیارانی دەشتی شەمامک بەختیان هەیە، لە گومرگ نێزیکن، هی وا هەیە بە ٢٠ دەقیقە بەرهەمەکەی خۆی دەگەیێنێتە گومرگی میوەفرۆشان، کرپارەکانیش ئەو بەرهەمانە دەکڕن کە تازە چندراون و کۆن نەبوونە، ئەمەش وایکردووە کە جووتیارانی دەشتی هەولێر لە نرخی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان رازی بن، بەڵام ئەگەر لەگەڵ جووتیارانی ناوچەکانی دیکە بەراوردیان بکەین، ئەمانەی دەشتی هەولێر مەسرەفیان کەمترە و قازانجیشیان زۆرترە'

یەکێک لەوانەی کە بریکاری تەڕەو میوەیە لە نێو عەلوە (گومرگ)ی هەولێر، پێیوایە کە رۆژانە زیاتر لە سی لۆری تەماتەو بیست لۆری شفتی بۆ بەغداد رەوانە دەکرێ، بەوهۆیەشەوە بازاڕەکە بە هەرمێن بووە، بەڵام جووتیار هەرگیز لە داهاتی خۆی رازی نیە، چەندە زۆربێ و چەندە بە گران بیفرۆشی هەر پێیوایە کە لە دەستیان دەرهێناوەو قۆڵیان بڕیوە.

ئەو دەیگوت: 'جووتیارەکان ناهەق نین، زۆر رەنج دەکێشن و ماندوو دەبن، بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆیان بژێوی خۆیان پەیدا دەکەن، کەسێکیش بە ماندووبوونی خۆی نان پەیدا بکات، تۆزێک سەختگیر دەبێ و بە ئاسانی دەستی لێ نابێتەوە. ئەو دەڵێ: 'جوتیاری واهەیە زۆر بە بەرهەمەکەی ماندوو بووە، بۆیە کەدێتە گومرگ و دەبینێ هەرزانە ئەژنۆی دەشکێ، سوێند دەخوات کە ساڵی داهاتوو نەیچێنێتەوە. ئەمساڵ تەماتە باش نیەو نرخەکەی هەرزانە، لەوانەیە ساڵی داهاتوو زۆربەی جووتیارەکان تەماتە نەچێنن، ئەگەر واش بکەن، ئەوە ساڵی داهاتوو نرخی تەماتە بەرز دەبێتەوە، ئەوکاتیش پەشیمان دەبنەوەو دەڵێن بریا تەماتەمان بچاندبایە!'

ئامادەکردنی: هەرێم

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com